## لیستی بەڵگەنامە پێویستییەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دکتۆرا

١. بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٢. بڕوانامەی بە نمرەی ماستەر (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٣. ڕەگەزنامە (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٤. ناسنامەی باری شارستانی (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٥. کارتی زانیاری (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٦. کارتی نیشتیمانی (لە کاتی هەبوونی کارتی نیشتیمانی ئەوا پێویست بە بەڵگەنامەکانی خاڵی (٣+٤)ی سەرەوە ناکات (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

٧.بۆ پێشکەشکارانی بیانی، پاسپۆرت (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

تێبینی/ وێنەی ڕەسەنی بەڵگەنامەی خاڵی (٣+٤+٥+٦)ی سەرەوە تەنها بۆ بینین و بەراوردکردنە لەگەڵ وێنەی کۆپیکراو لە لایەن فەرمانبەر پەیوەندیدار لە زانکۆ، دوای بەراوردکردن راستەوخۆ دەدرێتەوە بە پێشکەشکار.

٨. چوار وێنەی بچووک ڕەنگاو ڕەنگ (پشتی سپی بێت).
٩. فۆرمی پێشکەشکردن (١ دانە ڕەسەن + دوو دانە کۆپی).
١٠. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەیە) وەکو (IELTS) یان (TOEFL-iBT) یان (TOEFL-PBT) یان (Pearson Academic-PTE) یاخود بڕوانامە/پشتگیری خولی سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان بەدەست هاتووە (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
١١. کەسوکاری پلە (١) یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، پێویستە پشتگیری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە واژووی بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان هاوپێچ بکات.
١٢. پێشکەشکارانی خوێندنی دکتۆرا، ئەگەر هاتوو بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان (٦٠%) کەمتر بوو بۆ ئەوانەی لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردەن، پێویستە (٢) دوو وێنەی کۆپی لە فەرمانی وەرگرتنی نازناوی زانستی هەمیشەیی هاوپێچ بکەن.
١٣. پسوولەی دارایی بە بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی هاوپێچ بکرێت کە ناگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکار.
١٤. بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە بوارەکانی ڕاژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتەکان یان دامووەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، پێویستە نووسراوی لاری نەبوون (عدم ممانعة) + پوختەی ڕاژە لە وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی بە واژۆی بەڕێز وەزیر یاخود بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکەی کە دەسەڵاتی پێدراوە بهێنێت لە کاتی پێشکەشکردن کە تیایدا نووسرابێت:

[ وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی یاخود فەرمانگەکەی لاری نییە کە بەڕێز (.........) بە ناونیشانی وەزیفی (.....) پێشکەشی خوێندنی باڵا/دکتۆرا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بکات و لە کاتی وەرگیرانی ناوبراو لە خوێندن، ئەوا مۆڵەتی خوێندنی بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) پێ دەدرێت بە مەرجێک ئەگەر هاتوو ناوبراو لە پێشبرکێی پلانی مۆڵەتی خوێندن سەرکەوتوو بێت بە پێی ناوەرۆکی هاتوو لە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدانی مۆڵەتی خوێندن.]

تێبینی/ تەنها هەڵگرانی بروانامەی ماستەر کە پێشکەشی خوێندن دکتۆرا دەکەن ئەگەر خاوەن نازناوی زانستی بە شێوەی هەمیشەیی بن و لەسەر میلاکی یەکێک لە دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی میلاکی هەمیشەیی بن، ئەوا دەتوانن مۆڵەتی خوێندن بە شێوەی خۆتەرخانکردنی بەشەکی (تفرغ جزئي) وەربگرن پاڵپشت بە یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

١٥. بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الاختراع) ئەگەر هەیە هاوپێچ بکرێت (٢ دانە).

١٦. بۆ ئەوانەی مامۆستان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و خاوەن هەڵگری نازناوی زانستین پێویستە بەڵگەنامەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری وەکو (هەگبەی مامۆستا + زانستخوازی بەردەوام)ی یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن هاوپێچ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

١٧. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامودەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق فیدراڵ، ئەوا پێویستە بەڵێننامە لە لایەن پێشکەشکار لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پربکرێتەوە و تیایدا ئەم دەقە نووسرابێت:-

[من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە دانەمەزراوم بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامودەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بە پێچەوانەوە لە کاتی ئاشکرابوونی کە ئەگەر فەرمانبەر/کارمەند بم لە هەر وەزارەتێک یان دامودەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان یان عێراق، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و ڕێکاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتە بەر.]

١٨. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە لەسەر کورسی پارالێل پێشکەشی دەکەن، پێویستە بەڵێننامە لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدەن کە تیایدا کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

١٩. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار خوێندنی بەکالۆریۆس یاخود ماستەری لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراقی تەواو کردبێت، ئەوا پێویستە بریاری یەکسانکردنی بروانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و هەروەها فەرمانی کارگێری دەرهێنانی کۆنمرەی بەکالۆریۆس یاخود ماستەر بە سیستمی عێراقی لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانی هاوپێچ بکات.

٢٠. گشت پێشکەشکاران پێویستە بەڵێننامە لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدەن و بەم شێوەیەی خوارەوە:

من کە ناوم لە خوارەوە نووسراوە و واژووم کردووە، بەڵێن دەدەم:

١. لە ئێستادا قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا/دکتۆرا نیم لە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات و لە هیچ زەمالەیەکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ناوم دەرنەچووە.

٢. سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)م بۆ نەکراوە لە خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.

٣. هەموو ئەو زانیاریانەی لە فۆرمی پێشکەشکردن پرم کردۆتەوە زانیاری راست و دروستن و ئەگەر زانیاری نادروستم نووسیبێت ، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و ڕێکاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتەبەر بە پێی یاسا و پەیرەو و ڕێنماییە بەرکارەکان، بۆیە لە خوارەوە واژۆم کرد.

تێبینی/
ئەگەر هاتوو پێشکەشکار سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی بۆ کرابوو لە یەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات، پێویستە (٣) سێ ساڵ بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناوی تێپەڕبووبێت، ئینجا مافی پێشکەشکردنی هەیە.